ڕاپۆرتێک دەربارەی:

# دەستگیرکردنی دانیشتووانی کەرکوک دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق


نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران


2021

پێشەکی:

دوای راگەیاندنی ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق رۆژی ١٠/10/ ٢٠٢١لە پارێزگای کەرکوک ژمارەیەک لە لایەنگر و هەوادارى لایەنە کوردییەکان ئاهەنگی سەرکەوتنی لیستەکانیان گێڕا، بەڵام لەلایەن پۆلیس و دەزگا ئەمنییە سەپێنراوەکانی ئەم شارە رووبەرووی توندوتیژی بوونەوە و هەڵمەتێکی بەرفراوانی دەستگیرکردنی گەنجانی کورد و هەڵکوتانە سەرماڵەکانیان لە گەڕەکە کوردنشینەکان دەستپێکرد بە بیانووی تێکدانی ئارامی و ئاژاوە نانەوە.

تۆمەتی دەستگیرکردنان :

سێ رۆژ پاش ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق واتە لە رۆژی 2021/10/13 کوردانی شاری کەرکوک رژانە سەر شەقامەکان بۆ دەربڕینی خۆشی و ئاهەنگگێڕان، چەند کەسێکی گێرەشێوێن چوونەتە نێو جەماوەرەکە بە تەقە کردن و بوونەتە هۆی تێکدانی ئاهەنگەکە، دواتر هێزە عێراقییەکان ئەم هەڵسوکەوتەیان کردۆتە بیانوو و دەستیان کرد بەرەشبگیری هاووڵاتیانی کورد لە گەڕەکەکانی (رەحیماوا، شورِیجە، دەروازە، ئیسکان، ئازادی، پەنجا عەلی و کوردستان) هێزێکی زۆریان بڵاوکردەوە و بە چەکی قورس (تانک، باجەری سەربازی، هەمەڕ و دژە تانک) بەبێ هیچ بنەمایەکی یاسایی خەڵکی ئەو گەڕەکانەیان دەستگیر کرد بە مەبەستی تێکدانی ئاهەنگە جەماوەرییەکە.

رۆژێک دوای راگەیاندنی ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردن لە شاری کەرکوک، جەماوەر و لایەنگرانی هەر حزب و لایەنێک ئاهەنگی خۆیان گێڕا لەوانەش جەماوەری پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵام ئەو حزب و لایەنانەی شکستیان هێنا لەوانەش لایەنگرانی حەشدی شەعبی کە ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردنیان پێ قبوڵ نەکرا بە دوای پیلانگێڕییەکدا دەگەڕان بۆ شێواندنی دۆخەکە و شاردنەوەی شکستەکەیان، بۆیە لە رۆژی دووەم کەسانێکی تێکدەر و ئاژاوەگێڕی سەر بەو لایەنانە، خۆیان خزاندۆتە نێو ئاهەنگگێڕانی لایەنگرانی لیستە کوردستانییەکان لەوانە پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئامانجی نانەوەی پشێوی و تێکدانی سەقامگیری بە ئاڵای حزبە کوردستانییەکان تەقەیان کرد، تەعەدایان لە خەڵک کرد و شەقامەکانیان گرت. بەو شێوەیە، بەرپرسی لایەنە کوردییەکان و کاندیدەکانیان بۆ ئەوەی بارودۆخەکە زیاتر ئاڵۆز نەبێت ئاهەنگەکانی خۆیان راگرت.

ئەو هێزە ئەمنییەی لەوێ بوون وایاندەزانی ئەمانە لایەنگرانی پارتە کوردییەکانن ئاژاوە درووست دەکەن، بۆیە چەند کەسێکیان دەستگیر کرد کە بەشداری ئاهەنگەکانیان کردبوو.

دوای چەند کاتژمێرێک ژمارەیەک گرتەی ڤیدیۆیی دەست بەرپرسانی قەوارە سیاسییە کوردییەکان کەوت کە دەریدەخات لە ناو ئاژاوەگێڕاندا کەسانی سەر بە پەکەکە و لایەنەکانی دیکە هەبوون لەوانە حەشدی شەعبی بە ئاڵای حزبە کوردستانیەکانەوە لەوانەش ئاڵای زەردەوە، ئینجا هێزە عێراقییەکان بۆیان روون بۆوە کە ئەمانە سەر بە حزبە کوردستانییەکان نین لەوانەش پارتی.

گرفتەکەش ئەو کاتە سەریهەڵدا کە کەسێکی شۆڤینی دەستدرێژی کردە سەر یەکێک لەلایەنگرانی لیستە کوردستانییەکان پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵام هیچ کاردانەوەیەکی نەرێنییان نەبوو و هێرشیان نەکردۆتە سەر هێزە ئەمنییەکانی عێراق. دوای رووداوەکان چەندین بازگەی کاتی لە گەڕەکە کوردییەکان دانرابوو و ناسنامەیان لە سەرجەم ئەو کەسانە سەندووە کە بەو ناوچەیەدا رۆیشتوون.

هاوکات هێزە ئەمنییەکان تانک و زرێپۆشیان بردووەتە ناوچەکە و بۆ ماوەیەک لەو ناوچەیە جێگیرکرابوون، هەروەها خاڵی پشکنینیان دانابوو و مۆبایلی گەنجەکانیان دەپشکنی هەر کەسێک وێنە یان ڤیدیۆی ئاهەنگەکانی سەرکەوتنی کاندیدە کوردەکانیان تۆمار کردبوو دەستگیریان دەکرد.

<u>ژمارەی ئەو کەسانەی دەستگیر کران :</u>

شەوی 13-2021/10/14 لە گەڕەکەکانی شوڕجە و رەحیماوە نزیکەی (80) هاووڵاتی کورد لەلایەن هێزەکانی عێراقەوە دەستگیر کران، لەوانە (٥٠) کەسیان پەڕاوی لێکۆڵینەوەیان بۆ کراوەتەوە بەپێی ماددەی (٢٢٢)ی یاسای سزاکانی عێراق. بەڵام بێ ئەوەی هیچ بەدواداچوونێک هەبێت بۆ ژمارەی گیراوان، بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکوک رایگەیاند کە دەستگیرکراوەکان تەنیا (36) کەس بوون.

<u>بڕیاری دەستگیرکردنیان:</u>

**بە بێ بڕیاری دادگا و داوەرئەوگەنجانە دەستگیرکراون، بەپێچەو انەوە بە فەرمانی فەرماندەی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی کەرکوک دەستگیر کراون لەژێر حوکمی سەربازی، هەروەک هەموو لایەک ئاگادارن دوای رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ شاری کەرکوک لەژێر حوکم و دەسەڵاتی سەربازی بەڕێوە دەچێت.**
**دو اتر** نزیکەی (دە) پارێزەر خۆبەخشانە بەرگرییان لەم گیراوانە کردووە، پارێزەرەکان رایانگەیاند کە بەپێی ماددەی (٢٢٢) لە یاسای سزادانی عێراقی تۆمەتبار کراون و گیراون.

له ماددەی (٢٢٢) له یاسای سزادانی عێراقی ساڵی 1969 دا هاتووه : " اذا كان الغرض من التجمهر ارتكاب جناية او جنحة او منع تنفيذ القوانين او الأنظمة او القرارات او التأثير على السلطات في اعمالها او حرمان شخص من حرية العمل وكان ذلك التأثير او هذا الحرمان بالقوة او التهديد فكل من دعا الى هذا التجمهر او أدار حركته وكل من اشترك فيه مع علمه بالغرض منه او بقي فيه ولم يبتعد عنه بعد ان علم بالغرض المذكور يعاقب بالحبس مدة لا تزيد على سنتين و بغرامة مالية أو بإحدى هاتين العقوبتين".

<u>ئەشكەنجەدان و توندوتیژی بەرامبەر بە دەستگیرکراوەکان:</u>

ئەو کەسانەی شەوی یەکەم دەستگیر کرابوون دووچاری ئەشکەنجە بوون و ئاسەواری ئەم ئەشکەنجەدانە بەسەر جەستەیانەوە دیارە، لەرووی جەستەییەوە بە دار و کێبڵ و داری کارەبایی ئەشکەنجەدراون، هەروەها رووبەڕووی ئەشکەنجەی دەروونیش بوونەتەوە.

<u>بەڵگە و دۆکیومێنتی سەلماندنی ئەنجامدانی توندوتیژی و ئەشکەنجەدان بەرامبەریان:</u>

بەڵێ بەڵگەی ڤیدیۆیی پەلاماردان و هەڵکوتانە سەر ماڵان و وێنەیی ژمارەیەک لەو کەسانە کە ئەشکەنجەدراون لە رووی جەستەییەوە دیارە و هاوپێچ راپۆرتەکەمانە.

<u>ئەو کەسانە لەلایەن چ هێزێکەوە دەستگیر کراون:</u>

هەڵمەتی دەستگیرکردنی گەنجەکانی کەرکوک لەلایەن هەر یەکە لە (لیوای ٦١ی سەر بە سەرۆکی وەزیرانی عێراق، سوپای عێراق، پۆلیسی خۆجێی، ئاسایشی نیشتمانی و پۆلیسی سواتی فریاکەوتن) ئەنجامدرا، دواتر دەستگیر کراوەکان رادەستی بنکەی پۆلیسی (ئازادی و رەحیماوە) کراون.

<u>دوای ئازاد کردنیان دۆسیەکانیان بەکراوەیی ماوەتەوە:</u>

**بەپێی زانیارییەکان دۆسییەکانیان دانەخراوە و بە کراوەیی ماوەتەوە** بە تۆمەتی (حق العام) ئەوەش مەبەستێکی سیاسیی لە پشتە بۆ ئەوەی هەر کاتێک بیانەوێت دەستگیریان بکەن، گوایە هەوڵەکان لە ئارادان بۆ ئەوەی دۆسییەکەیان بە تۆمەتی (الحق العام)ەو دابخرێت، بەڵام تا ئێستا فەرمانی داخستنی دۆسییەکە لەلایەن دادوەری تایبەتمەند دەرنەچووە.

__هەوڵەکانی ئازادکردنی گەنجە کوردە دەستگیرکراوەکانی کەرکوک:__

ڕۆژی 2021/10/13 ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان و مستەفا کازمی سەرۆک وەزیرانی عێراق پەیوەندییەکی تەلەفۆنییان ئەنجامدا. لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا گفتوگۆ لەبارەی دۆخی کەرکوک کرا کە لە دوای سەرکەوتنی پرۆسەی هەڵبژاردن لەلایەن هەندێک کەسەوە هەوڵی نانەوەی پشێوی درا بە ئامانجی شێواندنی سەرکەوتنی پرۆسەی دەنگدان. دواتر مستەفا کازمی بڕیاریدا هەموو دەستگیرکراوەکانی کەرکوک ئازاد بکات.

چالاکوان و پارێزەرە خۆبەخشەکان دەڵێن دەستگیرکراوان بە کەفالەتی بڕی (٣,٠٠٠,٠٠) سێ ملیۆن دینار ئازادکراون هەروەها نابێ بۆ ماوەی (٦) مانگ بەشداری لە هیچ گردبوونەوە و ئاهەنگێکی جەماوەریدا بکەن، بەڵام لە رووی یاساییەوە و بە شێوەیەکی فەرمی کەیسەکانیان دانەخراوە، بەڵکو ئەگەری دادگایی کردنیان ماوە. یەکێک لە دەستگیرکراوەکان بەناوی (بارزان علی جبار) بە ماددەی (٢٢٩)ی یاسای سزادانی عێراقی تۆمەتبارە گوایە قسەی بەرامبەر بە هێزەکانی عێراقی وتووە لە کاتی ئاهەنگگێڕان. دەقی ماددەی (٢٢٩)ی یاسای سزادانی عێراقی: (يعاقب بالحبس كل من اهان او هدد موظفا او اي شخص مكلف بخدمة عامة او مجلسا او هيئة رسمية او محكمة قضائية او ادارية اثناء تادية واجباتهم او بسبب ذلك)

__وردەکاریی زیاتر دەربارەی دەستگیرکردنیان:__

ئەو گەنجە دەستگیرکراوانە لەلایەن هێزە عێراقییەکانەوە کەلوپەل و مۆبایل و ماتۆرسکیلەکانیان لێسەندراوە و جلوبەرگی بەریان دڕێندراوە و لەرووی دەروونی و جەستەییەوە دووچاری ئازارێکی و ئەشکەنجەدان بوونەتەوە. هەروەها بەشێک لەو هاووڵاتیانە بە هیچ شێوەیەک بەشدارییان لە ئاهەنگەکاندا نەکردووە تەنانەت نە چووبوون بۆ دەنگدانیش، بەڵکو خەریکی پەیداکردنی بژێوی رۆژانەی خۆیان بوون، بەڵام لە کاتی گەڕانەوەیان لەسەر کار دەستگیر کراون و سووکایەتییان پێکراوە تەنیا لەبەر ئەوەی کورد بوون.

سەربازەکان بە تەقەی هەوایی هەوڵیاندا کە خەڵك بڕەوێننەوە وگەنجێکیان بە قۆناخە تفەنگی سەربازێك سەری شکێندرا ئەمەش بووە هۆی ئەوەی لەناو خەڵکیشەوە بە بەرد و دەبە ئاو وەڵامی سەربازەکان بدرێتەوە، بۆ رۆژی دواتر کاتژمێر (١١)ی سەر لە بەیانی دوو کەس لە ماڵەکانی خۆیان لە گەرەکی رەحیماوە دەستگیر کران، کە یەکیان پۆلیسی هەرێمە و لە بنەماڵەیەکی ناسراوی کەرکوکە بە ناوی (بارزان لطيف محمد) کە شەوی ١١ لەسەر ٢٠٢١/١٠/١٢ لە فلکەی ئیخوان لە کەناڵی (کوردستان ٢٤) چاوپێکەوتنی ئەنجامدابوو. کەسی دووەم بە ناوی (نەشوان عبدالله کەوخانە) بوو کە ئەو شەوە لە کەرکوك نەبووە.

لە دوای دەستگرکردنی بارزان داوای ناونیشانی ماڵی کەسێکیان لێیکردووە بە ناوی (هەرێم نەسر ەلدین)، بەڵام بارزان ئامادە نەبووە ناونیشانەکەیان پێ بدات.

ئەوەی جێگای سەرنجە سەربازەکانی لیوای (٦١) بەبێ بڕیاری دادگا چوونەتە ناو ماڵی بارزان لطیف هاوژینەکەی بە ناوی (منیرە نیزام) سەربازەکان ویستبوویان وێنەی بارزانی نەمر و کاك ئیدریس جوانەمەرگ و سەرۆك بارزانی دابگرن، بەڵام منیرە هەوڵیدابوو ڕێگایان لێبگرێت، لە ئەنجامدا سەربازەکان شەقیان لە قاپ و سفرە و مەنجەڵی چێشت داوە و بەو هۆیەوە دەستی منیرە سووتاوە کە بە دیکۆمێنت وێنەی شوێنی سووتاوەکەی هەیە. لەلایەکی دیکەوە هێزە عێراقییەکان هاردی کامێراکانی ماڵی بارزانیان بردووە و زۆریان لێداوە، پاشان رادەستیی بنکەی پۆلیسی ڕەحیماوایان کردون و بۆ ڕۆژی دواتر بردویانەتە بەردەم دادوەرێک و لەوێ چوار سەربازی لیوای (٦١) یان هێناوە کە شاهێدیان لەسەر بارزان و نشوان داوە گوایە بینیویانە تەقەی کردووە، هەروەها هەندێك قەوانی فیشەکی کڵاشینکۆف و تاپڕیان کردۆتە دەبەی ئاوەوە و بە ملیاندا هەڵیان واسیون، وەک بەڵگە.

دادوەری ئەرکان فەرمانی داوە بە دەستەبەسەرکردنی هەردووکیان (١٠) ڕۆژ تا دادگایی کردنیان. دواتر لەژێر گوشاری حکومەتی هەرێم و بڕیاری کازمی لەشەوی (١٤ لەسەر ١٥) ی ئۆکتۆبەر ئازاد کراون بە کەفالەت و دوو مادەیان لەسەر چەسپاندوون کە بریتین لە مادەکانی (٢٤٠) و (٢٢٩)ی یاسای سزاکانی عێراق. دوای ڕووداوەکان هێزە عێراقییەکان چەکی قورسیان گواستەوە گەڕەکە کوردنشینەکان ئەمەش دۆخی ئەو ناوچانەی تووشی شڵەژان کرد و بووە هۆی تێکدانی دەروونی هاووڵاتیان بە گشتی و بەتایبەتی بەساڵاچووان، ئافرەتان، منداڵان و کاریگەریی لەسەر تەندروستییان هەبوو، چونکە هێزە عێراقییەکان بە شەق و شکاندنی دەرگا هەڵکوتانە سەر گەڕەکە کوردییەکان.

هەروەها بۆ ماوەی یەک هەفتە لە نێو شەقام و بازاڕەکانی ئەم گەڕەکانە بازگەی سەربازی دانراون و بووە هۆی داخستنی دوکانەکانی هاووڵاتیان بۆ ماوەی دوو ڕۆژ و بازرگان و کاسبکاران نەیانتوانی کارەکانیان ئەنجام بدەن. هەر هەمان شەو لەسەر جادەی ناوشار لە فلکەی ئیخوان تا نزیك باخچەی ام الربیعین چەندین بازگەی سەربازی دانرابوو خەڵکیان ئازار دەدا و گەڕەکی شۆرجەیان گەمارۆ دابوو. لەلایەکی دیکەوە هێزە عێراقییەکان بە کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی ئەو ڕۆژنامەنووسانە بوون کە ڕووماڵی ڕووداوەکانیان کردبوو و لە هەوڵی دەستگیرکردنیاندابوون.